# کاریگەریی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی زانستییدا

م.ی ئەسعەد موهەنەد تورکی
Asaad.M@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
زانکۆی بەغدا/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان

**الملخص**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیارییە لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی ئەزموونی پەیڕەوکردووە، لەبەر گونجاوی بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی، هەروەها نموونەیەکی هەڵبژاردووە، کە پێکهاتووە لە (٤٩) خوێندکار، دابەشیکردووە بەسەر دوو کۆمەڵە، کە (٢٤) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٢٥) خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، توێژەر بە خودی خۆی وانەی بە کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە گوتووە، دوای تەواوبوون لە ڕێکارە ئەزموونییەکان، توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئامادەکردووە، کە پێکهاتووە لە (٣٠) بڕگەی بابەتی، لە تاقیکردنەوە فرە جۆرەها، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە و شیکارکردنی ئاماری ئەنجامەکە، سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە بەڵگەی ئاماری ڕوونبووەوە، هاوکات ژمارەیەك لە ڕاسپاردە و پێشنیاری خستووەتەڕوو.

**وشەی کلیلی: کاریگەریی، ستراتیژ، کەلێنی زانیاری، دەستکەوت، ڕێزمانی کوردی.**

## أثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية لدى طلاب الصف الخامس العلمي

م.م. أسعد مهند تركي صالح
جامعة بغداد كلية التربية إبن رشد للعلوم الإنسانية – قسم اللغة الكردية

**الملخص**

يرمي هذا البحث تعرف على أثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية لدى طلاب الصف الخامس العلمي , ولتحقيق مرمى البحث اتبع الباحث المنهج التجريبي لملائمته لظروف بحثه واختار عينة مكونة من(٤٩) طالباً موزعين على مجموعتين وبواقع (٢٤) طالبا في المجموعة التجريبية و (٢٥) طالبا في المجموعة الضابطة درس الباحث المجموعتي البحث بنفسه، وبعد الانتهاء من إجراءات التجربة، أعد الباحث اختباراً تحصيليا مكونا من (٣٠) فقرة موضوعية من نوع الاختيار من متعدد ، وبعد تطبيق الاختبار على عينة

البحث وتحليل النتائج إحصائياً، اتضح تفوق طلاب المجموعة التجريبية على طلاب المجموعة الضابطة بدلالة إحصائية وقد تم وضع عدد من التوصيات والمقترحات .

**الكلمات المفتاحية : أثر، استراتيجية، فجوة المعلومات، التحصيل، قواعد اللغة الكردية.**

**The effect of the information gap strategy on the achievement of the Kurdish language grammar subject among fifth-grade scientific students**

**Asst. Lect. Asaad Muhannad Turki Saleh**

**University of Baghdad, College of Education, Ibn Rushd for Human Sciences – Department of Kurdish Language**

**Abstract**

This research aims to identify the effect of the information gap strategy on the acquisition of the Kurdish language grammar subject among fifth grade students. To achieve the goal of the research, the researcher followed the experimental method to suit the circumstances of his research and chose a sample consisting of (49) students distributed into two groups, with (24) students in the experimental group. And (25) students in the control group. The researcher studied both groups of the research himself, and after completing the experimental procedures, the researcher prepared an achievement test consisting of (30) objective multiple-choice items. After applying the test to the research sample and analyzing the results statistically, it became clear that the students excelled. The experimental group over the control group students with statistical significance, and a number of recommendations and proposals have been developed.

**Keywords: impact, strategy, information gap, achievement, grammar of the Kurdish language**

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەدەبیاتەکان ئاماژە بە زیاد گرنگیدان بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ستراتیژییەکان و شێوازەکان دەدەن، لەگەڵ ئاراستە بەرەو تەبەنیکردنی نوێترین ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە لە وتنەوەی بابەتە جیاوازەکانی خوێندن، لە نێویاندا بابەتی زمانی کوردی، بۆ ئەوانەی قسەی پێ ناکەن، کەواتە ئامانجەکان بۆ سۆزداری ئەو بابەتە، تەنها لەسەر لایەنی مەعریفی کورت نابێتەوە، بەڵکو دەکاتە بە لایەنەکانی دیکەی ویژدانی و کارامەیی، توێژەران داوای تەبەنیکردنی ئەو ئاراستەیە نوێیە لە وانتەوەی بابەتی زمانی کوردی بۆ ئەوانەی قسەی پێ ناکەن بە شێوەیەکی گشتی و بابەتی ڕێزمان بە شێوەیەکی تایبەتی دەکەن، وتنەوەی ئەو بابەتە ڕووبەڕووی کێشەی ڕاستەقینە دەبێتەوە، خوێندکاران بێ واتایی یان بێ بەهایی دەبینن، بەڵکو مامۆستایانیش بە ڕێگا ئاساییەکانی لە وتنەوەی بەکاریدەهێنن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕاستی دید و بۆچوونەکانیان جێگیر دەکەن، ئەوەی نامۆیە پەنجەی ئاراستەی خودی ڕێزمانی کوردی دەکرێت، هاوکات بە بابەتێکی وشك وەسف دەکرێت، وە ك لێکۆلینەوەی (کلابي, ٢٠٢٢) لێکۆلینەوەی (وەیس، ٢٠٢٤) جەختی لەسەر دەکەنەوە.

توێژەر لە ڕێگای چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ نموونەیەك لە مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی لە پارێزگای سەلاحەدین لە خوێندنگەی دواناوەندی و ئامادەیی کە ژمارەیان (٢٢) مامۆستا بووە، بۆی دەرکەوتووە: ڕێگای ئاسایی ڕێگایەکی باوە، هەڵوێستی خوێندکار وەرگرە، لە ڕێگای دابشکردنی راپرسیاری لەسەر مامۆستانی زمانی کوردی ، کام ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ لەخۆدەگرێت، لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەکاردەهێنرێت؟ وەڵامدانەوەی جۆراوجۆرە، لەوانە , ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی نوێ کات دەخایەنێت، لە ئێمڕۆدا کاتی پێویست بەدەست نییە، هەروەها ژمارەی بەشەوانەکان کەمە، مامۆستا پرۆگرامی زۆرە لەسەرکە بیڵێتەوە و کۆنترۆڵی بکات.

لەسەر بنەمای ئەم ڕوونکردنەوەیە، توێژەر هەستی بە پێویستی توێژینەوەیە لەو دیاردەیە کرد، کە هەڵوێستی نەرێنی بەرەو بابەتی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بابەتی ڕێزمان بە شێوەیەکی تایبەت دەگرێتەوە، کە ئاستەنگی وەرگرتنی ئەو بابەتە و گرنگیدانی پێی لە داهاتوو بۆ خوێندکار دروست دەکات، هەروەها توێژەر لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، لە ڕێگای بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی نوێ لەو بوارەدا، بەم شێوەیە توانای کێشەی توێژینەوەکە بەو پرسیارە دیاری بکات:

**(ئایا ستراتیژیەتی کەلێنی زانیاری کاریگەریی لە** سەر **دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی هەیە؟)**

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

پەروەردە پێگەیەکی گرنگی لە بونیادنانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی هەیە، هەروەها بنەمایە بونیادنانی شارستانییەتە لە سەردەمی نوێ، ، ئامرازێکە نەتەوەکان ئامانجی باڵایان بەپێی پێویستییەکانی فەلسەفەیان لە ژیان بەدیدەهێنن، ئەوە پێویستە، لەبەرئەوەی لەدایکبوونی مرۆڤایەتی لە بوونەوەرێکی ئەندامی دەگوازێتەوە بۆ مرۆڤی خاوەن کەسایەتی نایاب و جیاواز (الطحان, ٢٠٠٩: ل ١٧). ئامانجی پەروەردە پێکهێنانی تاکێکی دیاریکراوە لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و سۆزداری چەندین ئەرکی هەیە، جەخت دەکاتە سەر فێربوون و فێرکردن، هەروەها سەر تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە خوێندکار، خۆی لە هێزی هزرکا و درککردن و هێزی و سۆزداری و روشتی و هێزی دەروونی و ڕۆحی و جەستەیی دەنوێنێت، هاوکات مەعریفە و ڕۆشنبیری، بەڵام گرنگترین ئەرکی بەدەستهێنانی زمانە. (الخوالدة, ٢٠١٠: ل ٨٩)

زمان داهێنانی مرۆڤە، مرۆڤ لە ئامرازی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن دایهێناوە، لە ژیانی مرۆڤدا دوو ئەرکی هەیە، یەکەم ئامرازی بیرکردنەوەیە بە هەموو ئەرکەکانی درککردن و ئە ندیشە کردن و هەڵهێنجان و دیاریکردنی پەیوەندییەکان، دووەم ئامرازی پەیوەندیکردنە لە ڕێگای ئاخاوتن و گوێگرتن و خوێندنەوەو نووسین. (عطية والهاشمي, ٢٠٠٩: ل ١٠٣)، کەواتە خوێندکار ناتوانیت هیچ پێشکەوتنێکی زانستی بەدست بهێنێت، تەنها دوای بەدەستهێنانی پێکهاتەی زمان و وێنەی زمان نەبێت، مامۆستا یان سەرپەرشتیار یان باوکان ناتوانن شارەزایی یان بیرۆکە یان ئاراستەکان بگوازانەوە، تەنها لە ڕێگای زمان نەبێت (ابراهيم, ٢٠١٣: ل ٢٤١- ٢٤٢)، لەبەرئەوە هەموو نەتەوەیەك دەیەویت پێگەیەکی جێگیری لە نێوان نەتەوە شارستانییە پێشکەوتووەکان هەبێت، پێویستە گرنگی بە زمانی بدات و کار لەسەر فێربوونی بە شێوەیەکی ڕاست بکات، سوود لە ئەرکە جیاوازەکانی لە ژیانی تاك و کۆمەڵ ببینێت (شعيب, ٢٠١١: ل ٢٠)

زمانی کوردی بە پرسە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، لەبەرئەوەی زمان تەنها ئامرازی تێگەیشتن نییە، بەڵکو جەخت لەسەر بوونی دەکات، هەروەها هیمایە بۆ کۆمەڵگەکەیان و ناونیشانی یەکێتییانە (زقوت، ٢٠٠٠: ل ٨٠) .

زمان ئەو پەنجەرەییە تاك لێیەوە لە هزری مرۆڤ و کلتووری شارستانی و قوڵایی مێژووی دەروانیت، هەروەها بە زمان مەعریفە و زانست لە بوارە جیاوازەکان لە کاتی ڕابردوو و ئێستا لە ڕێگای توێژینەوە لە زانستەکانی پێشوو وەردەگرێت، هەروەها ئەوەی زانایان پێی گەیشتوون و سەرکردەکان بەدەستیانهێناوە، هەروەها زیرەکەکانی نەتەوە کردوویانە. (عطية, ٢٠١٤: ل ٢٧)

هەموو زمانێك پەیوەستە بەو ڕێسا و یاسایانەی ڕێزمانی زمانی کۆمەڵگەی تیایدایە دەیسەپێنێت (النوايسة والقطاونة, ٢٠١٠: ل ١٩)، ڕێزمان ئامرازی کۆنترۆڵکردنی قسە و ڕاستی دەربڕین و

نووسینه، که کۆنترۆڵی ڕێسای زمانی دەنگی دەکات، بە ڕێسا وشە پێکدێت، هەروەها ڕێسا پێکهێنەری ڕستەیە، بریتییە لە ئامرازی تێگەیشتن و قوڵبوونەوە لە کارامەییەکانی زمانەوانی، وا دەکات خوێندکار لەو ڕێسایانە تێبگات و هەستی پێ بکات لە قسەکردن ڕەوان بێت، هەروەها بە ڕەوانی و وردبینیەوە بنووسێت (الدليمي, ٢٠٠٤: ل ٢٥) .

توێژەر وایدەبینێت، ڕێزمانی کوردی، تەنها ئامرازێکە بۆ ڕاستی و دروستی گوزارشتکردنی ئاخاوتن و نووسین، هەروەها بۆ تێگەیشتن و درککردنی واتا بە ڕەوانی.

بۆ فێرکردن ستراتیژییەتی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر هەیە، جۆراوجۆری ستراتیژییەتەکان پاڵپشتی جۆراجۆری بابەتەکانی ڕێزمان دەکەن، کە هەندێکیان جیاوازن لە یەکدی لە ڕووی سروشت و تایبەتمەندی و وەرگرتنی لە راهێنان (الدليمي وسعادة, ٢٠٠٥: ل ٧٩)، هەر بابەتێك لە بابەتەکانی ڕێزمانی ستراتیژییەتی گونجاو بە ئامانج و ناوەڕۆکی خۆی هەیە، هەروەها ئامرازی فێرکردن و چالاکی و شێوازی هەڵسەنگاندنی هەیە (جبر وضياء, ٢٠١٥: ل ١٠٠) .

مەعریفەی فراوانی مامۆستا لە ستراتیژە جۆراجۆرەکانی وانە وتنەوە و توانای لەسەر بەکارهێنانیان، بێگومان یارمەتیدەدات لە زانینی بارودۆخی فێرکردنی گونجاو بۆ جێبەجێکردن، بەوشێوەیە پرۆسەی فێرکردن بە جۆش و جێژبەخش دەبێت بۆ خوێندکاران، هەروەها گونجاو دەبێت بۆ توانایان و پەیوەندی بتەوی بە ژیان ڕۆژانەیان و پێویستییەکانیان و مەیل و ئارەزوویان و شارەزاییان لە داهاتوو دەبێت (مرعي ومحمد, ٢٠٠٢: ل ٢٥) .

لە ئەنجامی توێژینەوە و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی، تیۆرەکانی فێربوون لە پرۆسەی پەروەردە گەیشتووە بە دەرکەوتنی فێربوونی چالاك، کە جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی خوێندکاران لە بونیادنان و پێکهێنانی، بەو شێوەیە لە فێربوون دەڕوانێت، کە پرۆسەیەکی دینامێکی گونجاوی کارلێککردنی شارەزایی یان مەعریفەی نوێیە لەگەڵ مەعریفەی پێشوو کە لە هزری خوێندکار بووە، شارەزایی پێشوو بە شارەزایی نوێ هەمواردەکرێتەوە و تەواو دەکرێت، لەبەر ڕۆشنایی کارلێککردنی کەسی و کۆمەڵایەتی، کە خوێندکار لە ژینگەی فێربوون ئەنجامی دەدات، زۆر ستراتیژییەتی فێرکردنی نوێ لەسەری دامەزراوە، لەوانە ستراتیژییەتی کەڵێنی زانیاری، یەکێکە لە ێوەکانی فێرکردنی چالاك، ئەم ستراتیژە توانای پشت بەستان بە شاردنەوەی بەشێك لە زانیارییەکان و پێدانی بەشەکەی دیکە بە خوێندکاران دەدات، مامۆستا بەشێك لە زانیارییەکان بە یەکێك لە گروپەکانی خوێندکاران دەدات، بەشەکەی دیکە لە گروپەکەی دیکە دەشارێتەوە، بەوشێوەیە ئەو ستراتیژییە بە یەکێك لە ستراتیژە جیاوازەکان و بەهێزەکان دادەنرێت، کە ڕێگا بە خوێندکار دەکات لەگەڵ مامۆستا بەشداری بکات، هەروەها دیالۆگ لە نێوان خۆیان بکەن، بە ئامانجی گەیشتن بە بەشە شاراوەکەی زانیارییەکان، بەکارهێنانی ستراتیژی (کەڵێنی زانیاری) وادەکات خوێندکار توانای

دۆزینەوەی زانیاری و ڕاستییەکانی لە ڕێگای ئەو توانایەی هەیەتی، لەسەر تێبینیکردن و هەڵهێنجان هەبێت (الراوي, ٢٠٠٠: ل ٢٢٥) .

دیارترین چالاکی فێرکردن دەستکەوتە، کە دەزگاکانی فێرکردن بە شێوەیەك هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، بەدیهێنانی خوێندکار بۆ ئامانجە دیاریکراوەکانی فێرکردن لە پلانی وانەوتنەوەی دیاریکراو دەستەبەر بکات، هەروەها بەپێی قۆناغەکانی خوێندنی پێیدا تێدەپەڕێت، دەستکەوت گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی یارمەتی زانینی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندکاران لە پرۆگرامی خوێندن دەدات، هەروەها یارمەتی زانینی لایەنی لاوازی و بەهێزی دەدات، بەوشێوەیە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن چاکتر بکەین و پەرەپێبدەین، هەروەها بەرەو چاکتری ببەین (نبهان، ٢٠١٣: ل ١٦٦).

توێژەر خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتە هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی ئەم پۆل گرنگە سەبارەت بە ئاراستەکردنی پەروەردەی، ئەم پۆلە بە نوخبەیەك بۆ فێرکردنی زانکۆیی دادەنرێن، هەروەها قۆناغی پێگەیشتن لە توانای هزری و مەعریفی و گەشەی هزری دەنوێنن، هەروەها توانای وێناکردنی ئەبستراکت لەسەر بنەمای دەربڕین زیاد دەکات، هەروەها توانای ڕامان و هەڵسەنگاندن زیاد دەکات.

لێرەدا پێویستی توێژینەوەی زانستی دەرکەوت، واتا پێشکەشکردنی ستراتیژییەتی نوێ، کە ڕۆڵی خوێندکار تیایدا ڕەچاودەکریت، لەبری پشت بەستان بە مامۆستا، ئەم توێژینەوە بریتییە لە کاریگەریی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەی زانستی بۆ ئەوانەی قسەی پێ ناکەن.

**پشت بەستان بەوەی خستمانەڕوو، گرنگی توێژینەوەی ئێستا لەمانە بەرجەستە دەبێت:**

- گرنگی پەروەردە، لەسەر ئەو بنەمایەی ئامرازی کۆمەڵگەیە لە ئامادەکردنی تاك و بنەمای بونیادنانی شارستانییە لە سەردەمی نوێ و کاروانی پەرەسەندنی بەدەستهاتووە لە ژیانی.
- گرنگی زمان، لە بنەماوە بەهاترین شتێکە مرۆڤ هەیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە هاوشێوەکانی، هەروەها تاکە هەڵگری بیرۆکەی ڕاست و وردە.
- گرنگی ڕێزمان، لەسەر ئەو بنەمایەی کلیلی زانینی زنستەکانی دیکەیە، پرۆسەیەکی بەردەوامە لە ژیانی تاك، هەروەها ئامرازی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەی دیکە، لە ڕێگای نامە و نووسراوەکان و بەرهەمهێنراوی دیکە، هەروەها تەوەری لقەکانی زمانی کوردییە.
- گرنگی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، لەسەر ئەو بنەمایەی یەکێکە لە ستراتیژییەتەکانی فێربوون و فێرکردنی نوێی کارا.
- گرنگی قۆناغی ئامادەیی، قۆناغێکە بەشداری لە ئامادەکردنی بەهێز و کاریگەریی خوێندکاران دەکات، بۆئەوەی دواتر ببێت بە هاوڵاتییەکی گونجاو و بەسوود بۆ کۆمەڵگەکەی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوە زانینی کاریگەریی ستراتیژی کەڵێنی زانیارییە لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستیدا.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر گریمانەی سفری بەوشێوەیە داڕشتووە:

(جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بەپێی ستراتیژی کەڵێنی زانیاری دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندی نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو نییە، کە هەمان بابەتیان بەپێ ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشە کی.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:**

**ئەم توێژینەوەیە کورت دەبێتەوە لە وانە ی خوارە وە :**

١. **سنووری شوێنی:** قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندیەکانی بەیانانی حکومی سەر بە بەڕێوەبەرایتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بە غدا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ز – ٢٠٢٤ز).

٢. **سنووری مرۆڤایەتی:** خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی.لە قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندیە کان لە سەر بە بەڕێوزەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاری بەغدایە کەرخی سێیەم، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ز – ٢٠٢٤ ز)

٣. **سنووری مەعریفی:** نۆ بابەت لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوری بڕیاردراو بۆ وتنەوەی بە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە عێراق، بابەتەکان بریتین لە (جێناوی سەربەخۆ، جێنانی لکاو، ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناو لە ڕووی ناسینەوە، ئامرازەکانی پرس، دەمەکانی کاری ڕابردوو، کاری ڕانەبردوو، کاری داخوازی، هاوڵکار).

٤. **سنووری کاتی:** وەرزی یەکەمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٣ز – ٢٠٢٤ز).

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم: کاریگەریی: هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:**

- (The American Dictionary): "هێزە یان توانایە لەسەر بەدیهێنانی ئەنجام، یان سەرنجی بەرهەمهاتووە لەسەر هزری پشکنێنراو، بەپێی نەخشە یان ڕێگای پەیڕەوکراو، ئەو شتەیە کە سەرنجدانی دیاریکراو بەرهەمیدەهێنێت، یان پاڵپشتی نەخشەی ئەزموونکراو دەکات". (The American Dictionary,2010)
- (Dictionary.com) "توانایە لەسەر دەرخستنی ئەنجامی دیاریکراو، کاتێك شتێکی بە کارا دادەنرێت، واتای ئەوەیە، پێکهاتووە لە ئەنجامی دیاریکراو یان پێشبینیکراو، یان سەرنجدانی دیاریکراو بەرهەمدەهێنێت". (Dictionary.com, ,2011)

• توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە، جیاوازی لە ڕادەی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونییە (ستراتیژی کەلێنی زانیاری).

**دووەم: ستراتیژ (Strategy) هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:**

▪ (الشمراني): "زنجیریەك ڕێکارە بە تۆکمەیی پلانی بۆ دانراوە، بۆ کارپێکردنی توانا ماددی و مرۆڤایەتییەکان لە خوێندنگە، بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوون، هەروەها توانای کارامەیی فێربوونی خودی و ئامرازەکانیان هەبێت". (الشمراني, ٢٠٠٨: ل ٥)

▪ (الحيلة): "کۆمەڵێك ڕێکاری هەڵبژێردراوی پێشوەختە لەلای مامۆستا، پلان بۆ بەکارهێنانی دادەنێت لە کاتی جێبەجێکردنی وانەوتنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی وانەوتنەوەی دیاریکراو بە کارایی خێرا بەپێی توانا، لەبەر ڕۆشنایی توانای ڕەخسار". (الحيلة, ٢٠٠٩: ل ١٧٣)

توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکار و ئامراز، کە توێژەر لە وانەوتنەوە بە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم (نموونەی توێژینەوەکە) لە بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی پشتی پێ دەبەستێت، کە لە ماوەی ئەزموونی دیاریان دەکات، بۆئەوەی بتوانێت ئاستێکی باڵا لە دەستکەوت بەدیبهێنێت.

**سێیەم: ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری:**

**هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:**

▪ (Jones) بریتیە : "لەو چالاکییانەی خوێندکار بە شێوەی جووت کاری تیادا دەکەن، بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە ڕێگای کارکردنی هاوتایی، هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی چالاکییەکە بە تەواوی". (Jones:1995 ,5 ).

▪ (امبو سعيد، والحوسنيه): بریتیە" لە یەکێك لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك، بیرۆکەکەی لەسەر پرنسیپی تەواوکاری دادەنرێت، کە خوێندکاران بۆ گروپی دوو کەسی یان چوار کەسی دابەشدەکریت، هەر خوێندکارێك ئەو زانیارییە تەواو دەکات، کە خوێندکارێکی دیکە کەمی هەیە". (امبو سعيد، والحواسينة, ٢٠١٦: ل ٤٣٦)

توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی دەکات، بریتییە: "لە کۆمەڵێك هەنگاوی زنجیرەیی و ڕێکخراو، گونجاون لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە، توێژەر لە ناو ژووری پۆل لە وانەوتنەوە بە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی پەیرەوی دەکات، کە خوێندکاران دابەشدەکات بۆ گروپی چوار کەسی، هەر گروپێك چوار خوێندکار لەخۆدەگرێت، بۆ بەدیهێنانی هەرەوەزی لە نیوان خوێندکاران و تەواوکردنی زانیارییە ناتەواوەکان".

**چوارەم: دەستکەوت: هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:**

▪ (The American Heritage® Dictionary): "هێزە یان توانایە لەسەر بەدیهێنانی ئەنجام، یان تێبینی و سەرنجی بەرهەمدار لەسەر ئەقڵی پشکنێنراو، بەپێی نەخشە یان ڕێگای وانەوتنەوەی پەیڕەوکراو، ئەو شتێکە سەرنجی دیاریکراو بەرهەمدەهێنێت، یان پاڵپشتی نەخشەی ئەزموونکراو دەکات"(The American Heritage® Dictionary,2010: 10) .

▪ (حسين): "ئەو مەعریفەیەی خوێندکار لە ڕێگای بەرنامە یان پرۆگرامی بڕیاردراوی خوێندن دەستی دەکەوێت، بە مەبەستی گونجانی لەگەڵ ناوەندی پەروەردەیی، ئەم چەمکە کورتدەبێتەوە لەسەر ئەو زانیاریانەی خوێندکار بە پێی بەرنامەی ئامادەکراو دەستی دەکەوێت، بەو ئامانجەی وابکات خوێندکار زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی ئەندامە تیایدا، لەگەڵ ئامادەکردنی بۆ گونجان لەگەڵ ژینگەی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی". (حسين، ٢٠١١: ل ١٧٦)

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە، بریتیە:** لەو بڕەی خوێندکاری پۆلی پێنجەمی زانستی (نموونەی توێژینەوەکە) بەدیدەهێنێت، کە کۆی نمرەکانی لە ماوەی ئەزموونی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەدەستی دەهێنێت، کە توێژەر بۆ مەبەستی توێژینەوەی ئێستا ئامادەیکردووە.

**شەشەم: ڕێزمانی کوردی، توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە:**

بریتییە لەو بابەتە ڕێزمانیانەی کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بڕیاردراو بۆ وتنەوە بە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (نموونەی توێژینەوەکە) بەپێی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیارییەکان لەخۆی دەگرێت.

**حەوتەم: پۆلی پێنجەمی زانستی:** بریتییە لە پۆلی دووەم لە پۆلەکانی قۆناغی ئامادەیی و پێنجەم لە پۆناغی دواناوەندی، پۆلێکی پسپۆڕییە، تەنها خوێندنی ئەکادیمی زانستی تیادا پێشکەش دەکرێت. (جمهورية العراق, وزارة التربية, المناهج, ٢٠١٠, ل١٠).

**بەشی دووەم: لایەنە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: لایەنە تیۆرییەکان:**

**❖ فێربوونی چالاك:**

**فێربوونی چالاك:** فێربوونی چالاك بە شێوەیەك لە فێربوونی نوێ دادەنرێت، وادەکات خوێندکار تەوەری پرۆسەی فێرکردن بێت، یان بە چالاکی بەشداری بکەن، چی وەکو تاك یان گرووپی دوانەیی، خوێندکار تەنها وەرگری نەرێنی زانیارییەکان نییە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەرکەکە لەگەڵ هاوتاکانی کارلێك بکات، پێویستە لەسەر خوێندکار بەشداری لەو چالاکییانە بکات، کە پاڵیدەنێت بۆ بیرکردنەوە ڕامان لە زانیارییەکانی پێشکەشیان دەکرێت، بەو ڕێگایەی ئەو زانیاریانەی پێ پێشکەش دەکرێت. (التشريني وعفت, ٢٠١١: ل ٤٨)

❖**گرنگی فێربوونی چالاك:**

١.زیاتر گرنگیدان به‌ خوێندكاران و وروژاندنی سەرنجیان بۆ ماوەیەكی درێژ،بە لەبەرچاوگرتنی سەقاڵبوونیان بە چالاكی و كارلێككردنیان لەگەڵیدا.

٢.گەشەپێدانی ئاراستەی ئەرێنی بەرەو بابەتی فێركردن و زیادبوونی پاڵنەری خوێندكاران بۆ فێربوون.

٣.زیادبوونی كارلێككردن لە ناو ژووری پۆل لە نێوان مامۆستا خوێندكاران لە لایەك و نێوان خوێندكاران خۆیان لە لایەكی دیكە، هەروەها رەخساندنی بواری تێكەڵبوونی خوێندكاران لە چالاكییە كۆمەڵایەتییەكان و بەدەستهێنانی كارامەیی كۆمەڵایەتی.

٤.گەشەپێدانی كارامەیی بیركردنەوەی باڵا لەلای خوێندكاران، وەكو كارامەیی شیكاركردن و لێكدانەوە و هەڵسەنگاندن (الشربيني وعفت, ٢٠١١: ل ٧٠) .

❖**ستراتیژییەتی كەلێنی زانیارییەكان:**

ستراتیژییەتی كەلێنی زانیارییەكان بە یەكێك لە ستراتیژییەتە نوێیەكانی دادەنریت، بەكاردەهێنرێت بۆ جێبەجێكردنی فێربوونی چالاك لە ژووری پۆلدا، خوێندكار لە ماوەی ئەو ستراتیژە بە شێوەی گرووپی بچووكی جیاواز كاردەكەن، ئەو ستراتیژە كار لەسەر بەدیهێنانی پرنسیپی هەرەوەزی و كارلێككردن لە نێوان خوێندكاران دەكات، لە پێناوی تەواوكردنی زانیارییە ناتەواوەكانی لەبەردەستیاندایە، هەروەها دەتوانرێت وەكو سەرچاوەیەكی لە بەشی كۆتایی وانەكە پشتی پێ ببەسترێت (امبو سعيدي والحوسنية, ٢٠١٦: ٤٣٦).

ئەوە یەكێكە لە شێوەكانی فێربوونی چالاك، مەبەست لەو ستراتیژە پشتبەستانە بە شاردنەوەی بەشێك لە زانیارییەكان لە خوێندكاران و پێدانی بەشێكی دیكەی، مامۆستا هەڵدەستێت بە پێدانی بەشێك لە زانیارییەكان بە یەكێك لە گروپەكان و شاردنەوەی لە گروپێكی دیكە، ئەو ستراتیژە لە ستراتیژە نایاب و جیاوازەكان و بەهێزەكان دادەنرێت، كە رێگا بە بەشداریكردنی خوێندكاران لەگەڵ مامۆستاكەیان دەدات، كە دیالۆگ لە نێوانیان دروست دەكات، بە ئامانجی گەیشتن بە بەشی شاراوەی زانیارییەكان، بەوشێوەیە یارمەتی فێربوون بە رێگای چاكتر دەدات، هەروەها یارمەتی بەدەستهێنانی پێشكەوتنی نوێ و ویستراو و پەسند دەدات. (عطية, ٢٠١٨: ل ٢٦٩)

**دەتوانین ناوەڕۆك بە شێوەی جیاواز پێشكەشبكەین لەوانە:-**

١. دوو وێنەی جیاواز لە یەكدی، یەكەمیان ڤیدیۆی جوڵاوی بێ دەنگ، دووەم دەنگی بێ وێنە.

٢. پرسیاری ئاست جیاواز، وەكو وەرگرتنی بەشێك لە بابەتی پێوانەی ئاستی بلوومی باڵا و بەشی كۆتایی ئاستە نزمەكانی بلووم، یان خستنەڕووی هەواڵی ئەوەی دیكە بە شێوەی تۆماری دەنگی.

٣. دارشتنی کارنامە یان کارتی تایبەت بە هەر گروپێك، کە کەمی وشە یان بۆشایی جیاواز لە نێوان بڕگەکان لەخۆبگرێت (حسين، ٢٠١٩: ٣١ – ٣٢) .

**❖سوودەکانی ستراتیژی کەلێنی زانیاری:**

ئەم ستراتیژە سوودی زۆری بۆ پرۆسەی فێرکردن هەیە، لەوانە:-

• ئەم ستراتیژە پاڵپشتی متمانە بەخۆبوونی خوێندکاران دەکات، لە ڕێگای چالاکییەکانی ڕێگا بە خوێندکاران دەدات گوزارشت لە دید و بۆچوونەکانیان بکەن، لەگەڵ ئەو چالاکییانەی خوێندکاران دەتوانن هەرە وەزی و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدی بکەن، لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

• ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاریی یارمەتی دروستکردنی ئامرازەکان بۆ ئاڵوگۆڕی ئەکری هاوبەش دەدات، هەروەها یارمەتی درویکردنی کەشی هاندانی خوێندکاران لەسەر یارمەتیدانی یەکدی دەکات.

• ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری کار لەسەر دروستکردنی کەلێن لە نێوان زانیارییەکانی هەموو خوێندکارێك دەکات، بەو ئامانجەی وابکات خوێندکار گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی بکەن، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی لەبەردەستیاندایە، ئەوە یارمەتی گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان خوێندکاران و نزمکردنەوەی حاڵەتی شلەژان و خەجاڵەتییان دەدات.

• ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری کار لەسەر تایبەتکردنی چالاکییەکان بۆ هەموو نوێیەکان و پێشکەوتووەکان دەدات، سەبارەت بە نوێیەکان مامۆستا چاودێری چالاکییەکانیان دەکات، کە تەنها نەخشەی بۆ داناوە، بەڵام سەبارەت بە پێشکەوتووەکان مامۆستا چاودێری ئەو چالاکییانەیان دەکات، کە نەخشەی بۆ کێشاوە، لەگەڵ ڕێنماییکردنیان لە ماوەی چالاکییەکاندا.

• ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان خوێندکاران.

• دۆزینەوەی کەشی چێژبەخش و جۆش و خرۆش و هەرەوەزی و بەشداریکردن لە نێوان خوێندکاران، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن.

• بەشداری لە زیادکردنی دەستکەوتی خوێندکاران دەکات، هەروەها کار لەسەر گەشەپێدانی شێوازی بیرکردنەوەی جۆراوجۆریان دەکات.

• کارامەیی بونیادنەران و خستنەڕووی پرسیار و کارامەیی ئاخاوتن و گفتوگۆکردن لەلای خوێندکاران گەشەپێدەدات.

**❖ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە ناو ژووری پۆل:**

١. هەنگاوی یەکەم: مامۆستا خوێندکارەکان دابەشدەکات بەسەر گروپی دووکەسی یان سێ کەسی یان زیاتر.

٢. هەنگاوی دووەم: مامۆستا چالاکی دیاریکراو پێشکەش دەکات، بە دوو هەنگاوی تەواوکەری یەکدی جێبەجێدەکرێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی مەبە ستی دیاریکراو.

٣. هەنگاوی سێیەم: هەر خوێندکارێك  یان گرووپێك لە خوێندکاران چالاکییەکی تایبەت بەخۆیان وەردەگرن، بەدوای چارسەری ڕاست بۆ چالاکییەکە دەگەڕێن، سەبارەت بە گروپی چوارەم، خوێندکارەکان  خۆیان دابەشدەکەن بۆ گرووپی دووکەسی، هەر دوو خوێندکار کار لەسەر چارەسەری چالاکی تایبەت بەخۆی دەکات.

٤. هەنگاوی چوارەم: دوای تەواوبوون لە چارەسەرکردنی چالاکییەکان، تاکەکانی هەر گرووپێك گفتوگۆی ئەو ئەنجامە دەکەن کە بەدەستیانهێناوە، هەر خوێندکارێك ڕاهێنان بە هاوڕێکەی دەکات، بەوشێوەیە تاکو هەموویان لە ڕێگای چارەسەرکە و چۆنیەتی پێی گەیشتنی تێدەگەن (الشمري, ٢٠١١: ل ٥٥) .

٥. هەنگاوی پێنجەم: لە کۆتاییدا ئەنجامەکە بە زارەکی دەخرێتەڕوو، یان بە نووسین لەبەردەم خوێندکارەکان دەخرێتەڕوو، بە پرۆسەیەکی گرنگ دادەنرێت.

**❖ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی (کەلێنی زانیاریی) فێربوونی چالاك:-**

ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاك، ڕۆڵی ئاراستەکردنە، نەك ڕۆڵی تەلقیندان، لەبەرئەوە پابەندە بەوەی بیربکاتەوە قسەکردن لە فێربوون، پڕکردنەوەی بابەتەکە بۆ خوێندکاران نییە، بەڵکو ڕۆڵی بریتیە لە دۆزینەوە لەگەڵیان، لەسەر ئەو بنەمایەی مامۆستا زیاتر ڕاوێژکاری گروپەکانە، نەك تاکە سەرچاوەی فێربوونە، پێویستە لەسەر مامۆستا، بڕیار لەسەر دیاریکردنی ئامانجی فێرکردن بدات، هەروەها گروپەکانی فێرکردن پێکبهێنێت و دروست بکات (حمیده, ٢٠٠٠: ل ٢١٩)

**تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

| ز | ناوی توێژەر | سالی لێکۆڵینەوە | شوێنی لێکۆڵنەوە | ئامانجی لێکۆڵینەوە کە | ڕێبازی بەکارهاتوو | قۆناغی خوێندن | قەبارەی نموونەکە | ڕەگەزی نموونەکە | بابەتی خوێندن | ئامرازکان | ئامرازی ئاماری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سبع | 2020 | عێراق | کاریگەریی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی قورئانی پیرۆز و پەروەردەی ئیسلامی و گەشەپێدانی پاڵنەری مەعریفی | ئەزموونی | پێنجەمی وێژەیی | ٥٤ خوێندکار ٢٧ خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و ٢٧ خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | نێر | قورئانی پیرۆز و پەروەردەی ئیسلامی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی پاڵنەری مە عریفی | تاقیکردنەوەی تائی (t- test) کای دووجا (کا٢) هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سبیرمان، هەڵگری سەختی و هەڵگری جیاکاری | هەبوونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |
| 2 | التميمي | 2019 | عێراق | کاریگەریی دانانی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە بابەتی ڕێزمانی عەرەبیدا | ئەزموونی | پێنجەمی سەرەتایی | 60 خوێندکار 30 خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و ٣٠ خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | مێ | ڕێزمانی عەرەبی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی تائی (t- test) کای دووجا (کا٢) و هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سبیرمان، هەڵگری سەختی، هەڵگری جیاکاری | هەبوونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |
| 3 | جندية | 2011 | فەلەستین | کارایی بەکارهێنانی کەلێنی زانیاری لە چاکترکردنی کارامەیی ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزی لەلای خوێندکارانی پۆلی هەشتەم | ئەزموونی | پۆلی هەشتەم | 70 خوێندکار ٣٥ خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی ٣٥ خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | مێ | زمانی ئینگلیزی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی تائی (t- test) کای دووجا (کا٢)، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سبیرمان، هەڵگری سەختی و هەڵگری جیاکاری | هەبوونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |

## بەشی سێیەم

## ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی

### یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێکارەکانی ڕێبازی ئەزموونی پەیڕەوکردووە، کە هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی و دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و هەڵبژاردنی نموونەکەی

لەخۆدەگرێت، هەروەها دیاریکردنی بابەتی زانستی و ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری.

**دووەم: دیزاینی ئە زموونی:**

توێژەر دیزاینە کە لە دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی بەشەکی هەڵبژاردووە، هەروەها تاقیکردنەوەی کۆتایی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت، لەبەرئەوەی گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە، شێوەی (١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

| کۆمەڵ | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | ئامراز |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی کەڵێنی زانیاری | دەستکەوت | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | | |

**شێوەی (١)**

**دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکەی:**

توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە خوێندنگەی دواناوەندی و ئامادەیی حکومی بەیانیان بۆ کوڕان دیاری کردووە، کە سەر بە بەڕێوزەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاری بەغدایە کەرخی سێیەم، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ز – ٢٠٢٤ ز)، هەروەها توێژەر بە مەبەست دواناوەندی (الرواد)ی بۆ کوڕان هەڵبژاردووە، بۆئەوەی ببێتە شوێنی ئەزموونەکەی، لەبەر هاوکاری کارگێری خوێندنگەکە و مامۆستاکانی، توێژەر بینی خوێندنگەکە سێ هۆبەی (ئ،ب،ج) بۆ پۆلی پێنجەمی زانستی لەخۆدەگرێت، ژمارەی خوێندکارەکانی گەیشتووە بە (٧٨) خوێندکار، هۆبەی (ئ) (٢٦) خوێندکار لەخۆدەگرێت، هۆبەی (ب) (٢٧) خوێندکار، هۆبەی (ج) (٢٥) خوێندکار، بە ڕێگای ڕاکێشانی هە ڕەمەکی، هۆبەی (ج) هەڵبژارد بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بەپێی ستراتیژییەتی کەڵێنی زانیاری بە خوێندکارەکانی دەڵێتەوە، هەروەها هۆبەی (ب) بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بەپێی ڕێگای ئاسایی بە فێرخوازەکانی دەڵێتەوە، دوای دوورخستنەوەی ئاماری خوێندکارە کەوتووەکان، ژمارەیان گەیشتە دوو خوێندکار لە هۆبەی (ب)، یەك خوێندکار لە هۆبەی (ج) بەوشێوەیە ژمارەی کۆتایی تاکەکانی نموونەکە بوو بە (٤٩) خوێندکار، کە (٢٤) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٢٥) خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

**چوارەم: هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر پێش دەستکردن بە ئەزموونەکە، جەختی لەسەر هاوتاکردنی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە بە ئامار لە گۆڕاوی تەمەنی کاتی کردووە، کە بە مانگ هەژماریکردووە، بەڵام بۆ

زیرەکی، تاقیکردنەوەی ڕاڤن بۆ هەژمارکردنی پۆلە یەك لە دوای یەکەکان جێبەجێکردووە، کە گونجاوە لەسەر ژینگەی عێراقی ، نمرەی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی پێشوو (٢٠٢٢ز – ٢٠٢٣ز) هەژمارکردووە، ئەنجامەکە بەوشێوەیە بووە: وەکو لە خشتەی (٢)، (٣)، (٤) ڕوونبووەتەوە.

**خشتەی (٢)ناوەندی هەژمارکردن جیاوازی لە تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | جیاوازی | بەهای تائی (t- test ) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ١٩٧،٧١ | ١١،٢٥٦ | ٠،٦٥٤ | ٢،٠٠٠ | ٤٧ | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٩٧،١٢ | ٨،٦٠٨ | | | | |

**خشتەی (٣)ناوەندی هەژمارکردن جیاوازی لە تاقیکردنەوە زیرەکی**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | جیاوازی | بەهای تائی (t- test ) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ٤٢،٢٩ | ٢٣،٥٢٢ | ٠،٧٧٧ | ٢،٠٠٠ | ٤٧ | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٤١،٢٤ | ٢١،٤٣٦ | | | | |

**خشتەی (٤)ناوەندی هەژمارکردن جیاوازی لە نمرە کانی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی پێشوو (٢٠٢٢ز – ٢٠٢٣ز)**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | جیاوازی | بەهای تائی (t- test ) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ٧١،٢٩ | ١٠٨،١١٨ | ٠،٠٥٦ | ٢،٠٠٠ | ٤٧ | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٧١،١٢ | ١١٨،٩٤٠ | | | | |

**پێنجەم: دیاریکردنی بابەتی زانستی:**– پێش دەستکردن بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، ئەو بابەتە زانستییە دیاریکرا، لە ماوەی ئەزموونەکە دەخوێندرێت،کە نۆ بابەتی ڕێزمانی لە کتێبی( زمان و ئەدەبی کوردی) بڕیاردراو بۆ وتنەوەی بە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ ز – ٢٠٢٤ ز) لەخۆدەگرێت.

**شەشەم: داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**– توێژەر (٦٩) ئامانجی ڕەفتاری داڕشتووە، بۆ داڕشتنیان پشتی بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بەستووە، کە لە ماوەی ئەزموونەکە بڕیارە بیاڵێتەوە، دابەشیکردوون بەسەر سێ ئاستی یەکەم لە پۆلێنی بلووم (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، خستووتییە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بواری ڕێگاکانی

وانەوتنەوەی زمانی کوردی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، لەبەر ڕۆشنایی تێبینییەکانیان ئامادەیی بۆ جێبەجێکردن.

**حەوتەم: ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:-** توێژەر پلانی وانەوتنەوەی بۆ بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی پۆلی پێنجەمی زانستی ئامادەکردووە، کە لە کاتی ئەزموونەکە دەیاڵێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنگە و ئامانجە ڕەفتارییەکانی بەپێی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری داڕشتوون، سەبارەت بە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، هەروەها بەپێی ڕێگای ئاسایی سەبارەت بە خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، پلانەکەی خستووەتە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و ئەدەب، لەبەر ڕۆشنایی تێبینییەکانیان پلانەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن.

**هەشتەم: ئامرازی توێژینەوەکە:-** توێژەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەی لە جۆری تاقیکردنەوە لە هەڵبژاردنی فرە جۆربونیادناوە، کە چوار شوێنگرەوە لەخۆدەگرێت، لە بنەماوە تاقیکردنەوەیەکی زۆر باوە بۆ پێوانی دەستکەوت، کە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بونیادناوە، ژمارەیان (٣٠) بڕگەیە لە جۆری تاقیکردنەوە ی فرە وەا.

**نۆیەم: ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:-** لە پێناوی بەدیهێنانی ڕاستگۆیی و ڕاستی و دروستی تاقیکردنەوەکە، لێکۆڵینەوەی لە ڕاستگۆیی ڕواڵە تی و ڕاستگۆیی ناوەڕۆك کردووە، هەروەها لە ڕێگای پێشکەشکردنی تاقیکردنەوەکە بە شێوەی سەرەتایی بۆ لێژنەیەك لە شارەزایان و داوەران بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی ناوەرۆك و پشکنینی گونجاوییەکەی، لەبەر ڕۆشنایی ڕاستکردنەوەکانیان کە شارەزایان و داوەران کردوویانە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی هەموارکردووەتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە (٣٠) پرسیار لە جۆری تاقیکردنەوە لە فرەوەڵام، هەموارکردنەوەکە بووە بە شێوەی کۆتایی و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.

**جێبەجێکردنی سەرەتایی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

**نموونەی سەرەتایی یەکەم:**

توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەسەر نموونەی سەرەتایی یەکەم جێبەجێکردووە، ژمارەی تاکەکانی گەیشتووە بە (٥٠) خوێندکار، بە شێوەی هەڕەمەکی لە دواناوەندی (الحسين ع السلام) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی سێیەم هەڵبژاردووە، بۆ مەبەستی (هەژمارکردنی کاتی خایاندن بۆ وەڵامدانەوە و دڵنیابوونە لە ڕوونی بڕگەکان)، لە جێبەجێکردنی سەرەتایی دەرکەوتووە، سەرجەمی بڕگەکان ڕوونن و خوێندکارەکان لێیان تێدەگەن، هەروەها توێژەر گەیشت بەوەی ناوەندی کاتی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە (٣٥) خولەکە.

**نموونەی شیکاری ئاماری: (نموونەی سەرەتایی دووەم):**

توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەسەر نموونەی شیکاری ئاماری جێبەجێکردووە، ژمارەی تاکەکانی گەیشتووە بە (١٠٠) خوێندکار، بە شێوەی هەرەمەکی لە ئامادەیی (سومر) بۆ کوڕان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی سێیەم هەڵبژاردووە، بۆ مەبەستی (هەژماری هەڵگری جیاکاری و سەختی و کارایی شوێنگرەوەی هەڵە و هەژماری جێگیری)

توێژەر وەڵامەکانی ڕاست و هەڵە کردووە، بە پێدانی(یەك) نمرە لە وەڵامی ڕاست، (سفر) بە وەڵامی ناڕاست، هەمان هەڵسوکەوتی وەڵامە ناڕاستەکانی لەگەڵ بڕگە جێهێڵدراوەکان یان بڕگەکانی زیاتر لە وەڵامێك ئاماژەی پێکراوە، واتا (سفر)ی پێداوە، بەوشێوەیە بەرزترین نمرە بۆ تاقیکردنەوە (٣٠) نمرەیە، نزمترین نمرە بۆ تاقیکردنەوە (سفرە)، دوای ڕاست و هەڵەکردنی وەڵامی خوێندکارەکان، نمرەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئاماری دەرهێناوە، ئامادەی بۆ دەرهێنانی ئەنجامی کۆتایی، دوای پشکنینی وەڵامی (١٠٠) خوێندکار، توێژەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزبەندی کردوون، ڕێژەی (٢٧%) باڵای لە وەڵامەکان وەرگرتووە، هەروەها (٢٧%) نزمی لە وەڵامەکان وەرگرتووە، هەروەها نمرەی سەختی بڕگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی شوێنگرەوەی هەڵەی بەو پێیە دەرهێناوە:

١- ئاستی گرانی بڕگەکان: دوای هەژمارکردنی هەڵگری گرانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، دەرکەوت لە نێوان (٠،٢٤ – ٠،٦٦)، ئەدەبیات ئاماژە بەوە دەکات، تاقیکردنەوەی باش، ئەو بڕگانە لەخۆدەگرێت، ڕێژەی گرانییان لە نێوان (٠،٢٠ –٠،٨٠)، (الكبيسي, ٢٠٠٧: ل ١٧٠)، توێژەر ئاماژە بەوەدەکات سەرجەم بڕگەکانی تاقیکردنەوە، پەسند و گونجاون بۆ جێبەجێکردن.

٢- هێزی جیاکاری بڕگەکان: دوای هەژمارکردنی هەڵگری جیاکاری هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، دەرکەوت لە نێوان (٠،٣٤- ٠،٢٧)، بڕگەکانی تاقیکردنەوە بە باش دادەنرێت، ئەگەر هێزی جیاکاریان (٠،٣٠) زیاتر بێت. (الكبيسي, ٢٠٠٧: ل ١٧١).

٣- کارایی شوێنگرەوەی هەڵە کان: دوای هەژمارکردنی کارایی شوێنگرەوەی هەڵە، بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی کارای شوێنگرەوە، بینی زۆرترین ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی نزم ڕادەکێشێت، بەراورد بە خوێندکارانی کۆمەڵەی باڵا، بەوشێوەیە بینی لە نێوان (٠،٢٤ –) و (٠،٨٢ –)، لەسەر ئەو بنەمایە، شوێنگرەوەکانی بێ گۆڕانکاری هێشتەوە.

**دەیەم: جێگیری تاقیکردنەوە:**

توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەکەی بە بەکارهێنانی ڕێگای بەشکردنی نیوەیی هەژمارکردووە، هەروەها بە بەکارهێنانی هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی (پیرسۆن) و دەرهێنانی هەڵگری جێگیری

له نێوان دوو نیوه، برگەی (٠،٧٦)، دواتر به هاوكێشەی (سبیرمان – براون) ڕاستیكردووەتەوە، گەیشتووە بە (٠،٨٦)، ئەو هەڵگری جێگیریی بەرزە و باشە سەبارەت بە تاقیكردنەوەی باوەڕپێنەكراو، بەوشێوەیە تاقیكردنەوەكە ئامادەییە بۆ جێبەجێكردن.

**یازده: جێبەجێكردنی ئەزموونەكە:**

١. ڕێكەوتنی لەگەڵ كارگێڕی خوێندنگەكە كردووە، لەسەر پێویستی خشتەی وانەوتنەوەی هەفتانە، بۆ دوو كۆمەڵەكانی توێژینەوە.

٢. بەپێی ستراتیژ و ڕێگای وانەوتنەوەی دیاریكراو وانەی بە كۆمەڵەكانی توێژینەوە وتووە، توێژەر بە خودی خۆی وانەی پێ وتوونە، ماوەی ئەزموونەكە وەرزێكە تەواوی خوێندنی خایاندووە، لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی (٨/١٠/ ٢٠٢٣) ز دەستی پێكردووە، لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی(١٦/ ١/ ٢٠٢٤) ز كۆتایی هاتووە.

٣- تاقیكردنەوەی دەستكەوت لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی (١٨/ ١/ ٢٠٢٤ )ز جێبەجێكراوە.

**دوازده: ئامرازی ئاماری:** توێژەر هەگبە یان جانتای ئاماری(spss)بۆ چارەسەركردنی ئاماری تایبەت بە توێژینەوە بەكارهێناوە.

**١-تاقیكردنەوەی تائی ( t- test) .**

**٢-كای دووجا (كا٢).**

**٣-هەڵگری بەیەكەوە بەستنەوەی پیرسۆنز**

**٤-هەڵگری بەیەكەوە بەستنەوەی سبیرمان.**

**٥-هەڵگری سەختی و هەڵگری جیاكاری.**

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجام و شرۆڤەكردنیان**

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەكە و شرۆڤەكردنی و دەرئەنجام و ڕاسپاردەكانی پێشنیارەكان خوارەوە لەخۆدەگرێت:-

**یەكەم: خستنەڕووی ئەنجامەكان:**

خستنەڕووی ئەنجامەكان پەیوەستە بە ئەنجامەكانی:- زانینی كاریگەری ستراتیژییەتی كەلێنی زانیارییەكان لە دەستكەوتی خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە بابەتی ڕێزمانی كوردی، ئەنجامی هەردوو كۆمەڵەكە، دوای جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی دەستكەوت و چارەسەركردنی ئاماری ئەنجامەكانی بەڵگەی ئاماریان لە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥)، وەكو لە خشتەی (٥) ڕوونكراوەتەوە.

**خشتەی (٥)ناوەندی هەژماركردن جیاوازی لادانی پێوەری بۆ تاقیكردنەوەی دەستكەوتی كۆتایی**

| كۆمەڵ | ژمارەی تاكەكانی | ناوەندی هەژماركردن | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی ( t- test) | ئاستی بەڵگەی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | نموونەکە | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٤ | ٣٣،٠٤ | ٥،٦٤٥ | ٤٧ | ٦،١١٩ | ٢.٠٠٠ | بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٢٢،٠٨ | ٦،٨١٢ | | | | |

ئەنجامەکە دەریخستووە بەهای تائی هەژمارکراو (٦،١١٩) گەورەتربووە لە بەهای خشتەیی کە بەهاکەی گەیشتووە بە (٢،٠٠٠) لە ئاستی (٠،٠٥)، بە نمرەی ئازادی (٤٧) بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، بەوشێوەیە گریمانەی سفری دەسەپێنیت، شوێنگرەوە پەسند دەکات، بەوشێوەیە جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری هەیە.

١. ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری دەرفەت بە خوێندکاران دەدات، بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوونەکانیان و گوزارشتکردن لەو شارەزاییانەی یارمەتیان دەدات، لەسەر پێکهێنانی شارەزایی و مەعریفەیان بە خودی خۆیان و توانایان لەسەر دانانی ڕێسا لە هەڵوێستەکانی داهاتوویان.

٢. ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری مامۆستا لە ڕۆڵی ئاسایی (تەلقین) دەگوازێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرپەرشتیار و ئاراستەکار، ئەوە یارمەتی خوێندکار دەدات هەست بەوە بکەن، کە سەرچاوەی زانیارییەکاان و متمانەیان بە خۆیان زیاد بکات و لەسەر بیرکردنەوەی بەرهەمداری بونیادنەرانە هانیان دەدات.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژەر پێی گەیشتووە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانەی هەڵهێنجاوە:

١. ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری کارایی خۆی سەلماند، وایکرد خوێندکار ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن، هەروەها مامۆستا ڕێنماییکار و ئاراستەکاریان بێت، لەبنەماوە پەروەردە و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوەی نوێ هەوڵی بۆ دەدەن.

٢. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری، بووە بەهۆکاری چاکترکردنی ئاستی خوێندکاران بە شێوەیەکی کارا لە ڕێگای وەگرتنی بابەتی زانستی و بەتوانیان لێی، هەروەها زیادبوونی دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیان گەیشتووە، ئەو ڕاسپاردانەی هەیە:

١. پشت بەستان بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قۆناغی ئامادەیی، کە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە چاکتر بوونی ئاستی زانستی و دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی سەلماندووە.

٢. ئاراستەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری.

٣. دەستەبەرکردنی بڕیاری بابەتی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی لە کۆلێژەکانی پەروەردە و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوەی نوێ بدرێت، لەوانە هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری.

**پێنجەم: پێشنیارەکان:**

بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەو پێشنیارانەی کردووە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە، کە ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاریی لە گۆڕاوی دیکەی هاوشیوەی بەدەستهێنانی چەمك و ئاراستە و پاڵنەری وەربگرێت.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە ئامانجی بەراوردکردنی ستراتیژییەتی کەلێنی زانیاری لەگەڵ ستراتیژییەتی وانەوتنەوەی دیکە بێت، کە بەشداری لە بەرزکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی ڕێزمانی کوردی دەکات.

**سەرچاوەکان:**

١.ابراهيم ، سليمان عبد الواحد يوسف (٢٠١٣). صعوبات الفهم القرائي لذوي المشكلات التعليمية ، ط١.:دار الوراق للنشر والتوزيع, عمان ، الأردن.

٢.امبو سعيدي , عبد الله بن خميس الحوسنية , هدى بنت علي ( ٢٠١٦) : استراتيجيات التعلم النشط ١٨٠ استراتيجية مع الامثلة التطبيقية , دار المسيرة , عمان . الاردن.

٣.التميمي , عواد جاسم محمد ,( ٢٠١٠) طرائق التدريس العامة المالوف والمستحدث , ط١ , دار الكتب والوثائق ,, بغداد . العراق .

٤.التميمي، نهى هادي حسين ،(٢٠١٩): اثر توظيف استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي في مادة قواعد اللغة العربية ( رسالة ماجستير غير منشورة) كلية التربية الأساسية ، جامعة ديالى.

٥.جبر ،سعد محمد وحربي ضياء عويد (٢٠١٥): المناهج (البناء والتطوير) ، دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .

٦.جندية, رانية سمير(٢٠١١): فاعلية استحدام فجوة المعلومات في تحسين مهارات التحدث للغة الانجليزية لدى طالبات الصف الثامن (رسالة ماجستير غير منشورة ) , كلية التربية , جامعة الازهر , غزة.

٧.حميدة . امام مختار واخرون ,(٢٠٠٠) تدريس الدراسات الاجتماعية في التعليم العام , ط١ , مكتبة زهراء الشرق ,مصر , القاهرة .

٨. الحيلة،محمد محمود،(٢٠٠٩) ،مهارات التدريس الصفي،ط٣،دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان ،الأردن.

٩.الخوالدة ، محمد محمود .(٢٠١٠): مقدمة في التربية ، ط٢، دار المسيرة ، عمان ، الاردن .

١٠. الدليمي ، طه علي حسين والوائلي سعاد عبد الكريم (٢٠٠٥) : اللغة العربية مناهجها وطرائق تدريسها ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .

١١. الدليمي ، كامل محمود نجم ( ٢٠٠٤). اساليب تدريس قواعد اللغة العربية ، دار المناهج ، عمان .الاردن..

١٢. الراوي , خاشع ,(٢٠٠٠) المدخل الى الاحصاء , ط ٢ , دار الكتب للطباعة والنشر .

١٣. سبع ، طارق فاضل ،(٢٠٢٠)، أثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل طالب الصف الخامس الأدبي في مادة القرءان الكريم والتربية الاسلامية وتنمية دافعهم المعرفي ، (رسالة ماجستير غير منشورة) ، كلية التربية للعلوم الإنسانية ، جامعة تكريت.

١٤. الشربيني، فوزي ,الطناوي وعفت،(٢٠١١), تطوير المناهج التعليمية ، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع ،عمان ، الاردن.

١٥. الشعراني، رُبى ناصر المصري.(٢٠٠٩) الإبداع في التربية المدرسية، دار النهضة، لبنان , بيروت.

١٦. الشمري ، ماشي بن محمد،(٢٠١١)، استراتيجيات التعلم النشط ،ط١، مطابع وزارة التربية والتعليم، المملكة العربية السعودية.

١٧. الطحان , مصطفى محمد (٢٠٠٩): التربية ودورها في تشكيل السلوك , دار المعرفة , بيروت لبنان ,

١٨. عطية ، محسن علي (٢٠١٥) : البنائية وتطبيقاتها استراتيجيات تدريس حديثة ، الدار المنهجية للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .

١٩. عطية ، محسن علي ،(٢٠١٨)، التعلم النشط استراتيجيات واساليب حديثة في التدريس ، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان – الأردن. .

٢٠. عطية ، محسن علي والهاشمي عبد الرحمن عبد علي (٢٠٠٩) . تحليل محتوى مناهج اللغة العربية رؤية نظرية تطبيقية ، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، الاردن .

٢١. عطية، محسن علي. (٢٠١٠). البحث العلمي في التربية ومناهجهُ أدواته وسائله الاحصائية، دار المناهج للنشر والتوزيع. عمان,الاردن.

٢٢. عطية، محسن علي. (٢٠١٤). استراتيجيات ماوراء المعرفة في فهم المقروء، دار المناهج للنشر والتوزيع. عمان, الاردن.

٢٣. الكبيسي، عبد الواحد حميد (٢٠٠٧).*القياس والتقويم تجديدات ومناقشات*، ط١،:جرير للنشر والتوزيع. عمان، الأردن.

٢٤. مرعي ،توفيق احمد والحيلة ،محمد محمود (٢٠٠٢) طرائق التدريس العامة ،ط١،دار المسيرة ،عمّان ،الاردن.

٢٥. مرعي، توفيق احمد والحيلة محمد محمود (٢٠٠٢): المناهج التربوية الحديثة ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان ، الأردن

٢٦. النبهان,يحيى محمد (٢٠١٣).التربية الحديثة المعاصرة, ط١, دار جهينة للنشر والتوزيع ,عمان, الأردن.

٢٧. وزارة التربية ,العراق , (٢٠١٢) منهج الدراسة الإعدادية, ط,١ شركة فنون. مطبعة وزارة التربية بغداد.

٢٨. ئەلكيلابى, سەبا عيسا فەرەج (٢٠٢٢): كاريگەرى ستراتيژيەتى ڕافت RAFT )لە بەدەستهێنانی بابەتی خوێندەوەو ئەدەبی کوردیە لەلای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی زانستی . (نامە ماستەری بڵاونەکراوە). کۆلێژی پەروەردەی, زانکۆی بەغداد.

٢٩. وەيس, مەروە عەلی. (٢٠٢٤):.كاريگەريی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی گەڕان بەدوای نیوەکەی دی لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی. (نامە ماستەری بڵاونەکراوە). کۆلێژی پەروەردەی, زانکۆی بەغداد.

30. Alderman, M. Kay (2007), Motivation for Achievement: Possibilities for Teaching and Learning, 2nd Edition.

31. jones–peter , w. (1995):Grammar games and Activities for teachers (London : pengnin books).

32. Dictionary.com, LLC,2011 "Effectiveness , Dictionary.com | Find the Meanings and Definitions of Words at Dictionary.com. 2011. Web. 28 Sept. 2011. http://dictionary.reference.com/browse/effectiveness

33. American Heritage® Dictionary of the English Language, 4th edition Copyright © 2010 by Houghton Mifflin Harcourt Publishing Company. Published by Houghton Mifflin Harcourt.